# جیۆگرافیای شێرپەنجە .. تووشبووەکێن .. چۆن و لە کوێ ؟

مەحەمەد بەدری
کردوویەتی بە کوردی

شێرپەنجە بەبەردەوامی ئەمێنێتەوە . . نێچیرەکانیشی بە هەزارانن و زانیاری پزیشکایەتیش بۆ لەناوبردنی لە هەوڵدانایە و هەتا ئیستاکە پەی‌ی نەکراوە بەسەریدا زاڵ بێت و لەناوی بیات . .
لیکۆڵینەوە و کۆنگرەکانی ئەم دواییەیە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی‌یە تەرخان کرابوون هەندێ لایەنی بنەرەتی‌یان روون کردەوە لەوانە : ئەو دەورەی کە زگماك لە شێرپەنجەدا ئەیبینێ وجیوگرافیە سروشتی و مرۆڤایەتی‌یەکەی . .
شێرپەنجەی ئافرەت . . شێرپەنجەی دەم و قورگ . . دوا هۆیەکانی چارەسەکردنی و چۆنیەتی پەرەپێدانیان . .

له شێرپەنجەدا وەك له نەخۆشی‌یەکانی‌تردا تووشبووەکان وەك یەك نین ، هەیە بە زۆری تووشی ئەو خەتەرە ئەبیٚ بەتایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی نەخۆشی‌یە زگماکی‌یەکان برون ( نەخۆشی زگماکی ئەو نەخۆشی‌یەیە کە بەهۆی گواستنەوەی دوو ( جینە ) پەیدا ئەبیٚ ، دوو (جینە)ی نەساغ کە یەکێکیان لە دایك و ئەوەی تریان لە باوکەوە ئەبیٚ) . .

ئەوەی باشە کە ئەم جۆرە نەخۆشی‌یانە بەدەگمەن روودەدەن بەلاٚم هەندیٚ نەخۆشی زگماکی‌تر کە ئێستا کە بە شێوەیەکی دیار وەدەرنەکەوتوون ئەوانەن کە مەترسی تووش بوون بە شێرپەنجە زیاتر پەیدا ئەکەن . . بە پی‌ی ئەو لێکۆڵینەوەی کە گۆڤاری (نیو ئینگلەند جیورنال ئوف میدیسینی) بلاٚوی کردبووە و ە ئەوەی تیادا سەلماندووە کە یەکێك لەو لارێکی‌یانە کە بەهۆی زگماکی‌یەوە پەیدا ئەبن لە سەدا هەشتا و حەوت لە پێش تەمەنی شەست ساڵیدا مەترسی تووشبوون بەو نەخۆشی‌یە زیاد ئەکەن ، ئەمە لە کاتێکدا کە لەلای خەڵقی‌کە ناگاتە لە سەدا یەك . . هەروەها لێکۆڵینەوەکانی‌تر ئەوەیان دەرخستەوە کە هەندیٚ نارێکی لەو کرۆمۆزۆماتانەی کە (ژمارەیان بیست و سیٚ جووتە) نەبیٚ بەهۆی تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی شێرپەنجەوە . . نارێکی زگماکی لە کرۆموزۆمدا رەنووس پانزە لە گەڵ شێرپەنجەی گورچیلە لە لای منالٚدا رێنەکەویٚ و نارێکی کرۆمۆزۆمی رەنووس سیانزە ئەبێتە هۆی پەیدا بوونی شێرپەنجە لە تۆری چاودا . .

پێوەندی نێوان (جینات) و شێرپەنجە ئەتوانریٚ بە دو رێگە لێکی بەینەوە : یان دەبیٚ شێوانێکی زگماك هەبیٚ ، یاخود شێوانێکی لە ناکاو روودەدات بە کارتی‌کردنی ئەو مادانەی کە دەبنە هۆی پەیداکردنی شێرپەنجە . . .

لە هەردو حالێتدە نارێکی‌یەك لە ئیش و کاری شانەکاندا دروست ئەکات ، چونکە شانەیەکی بنەرەتی لە یەکێك لە چینەکانی پێشدا گەر هات و تووشی شێوانێك بوو دوور نی‌یە شێرپەنجەی پێشت دروست بکات ئەوەش بەرێگەی زۆربوونەوە لەسەر حیسابی خانە ساغەکان . . لەم حەڵەتەشدا ئەو شانەیە ژمارەیەکی زۆری جیناتی تێدا ئەبیٚ ( جیناتیش جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ کرۆمۆزۆماتا هەیە) ئەشیٚ ئەو شانەیە ژمارەیەکی کەمی لەو جیناتەی تێدا بیٚ و لەم حاڵەتەدا ئەگەر هات‌و بەرەنگاری تووشبوو نێك‌بوو ، ناتوانێت فریای خۆی بکەوێت ، ئەمەش رێگە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە خۆش ئەکات کەواتە هەندیٚ هۆی زگماکی هەیە کە لە تووشبوونی ئەم ن خۆشی‌یە دەوری خۆیان ئەبینن ، بۆیەش خەڵقی بە گشتی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە نابن . .

یوگرافیای شێرپەنجە . .

ئەو خاڵە یووەمەی کە لێکوڵینەوە تازەکان روویان کردووەتەوە پێوەندی بە دەست‌نیشان کردنی ئەو هەرێمانە هەیە کە تووشی شێرپەنجە ئەبن . . ئەوەی سەیریشە کە ئەم سنوور دانانە زۆر وردە ، سەیرتریش ئەوەیە کە هەندیٚ شوێن‌و هەرێمی تایبەتی لە جیهاندا هەیە کە بەزۆری تووشی شێوەیەکی تایبەت لە شێرپەنجەدا ئەبیٚ . . لەو کۆنگرەیەی کە لە شاری (بیزنون)ی عەرەنسا گیرا لیکۆڵینەوەکان ئەمەیان خستەروو . .

١ – ئەو شێرپەنجەیە کە پی‌ی ئەوتریٚ ( ئیجیوسا رگومدو کابووس ) ئەو شێرپەنەیەیە کە تووشی پێست ئەبیٚ لەچوارلاکانەوە – واتە دەست‌و پی‌کانەوە سەرهەڵ ئەدات . پاشان بلاٚو ئەبێتەوە و تووشی ئەندامە ناوخۆیەکان ئەبێت ، ئەم جۆرە شێرپەنجەیە بە دەگمەن بەدی ئەکریٚ لە هەرێمی مەغریب و لە رۆژهەلاٚتی ئەفریقا وەك ئۆغەندا کە لە سەدا شانزەی تووشبووەکان پێك‌دێنیٚ .

٠ – شێرپەنجەی جەرگ ، ئەم جۆرە شێرپەنجەیە لە ولهێتە رۆژ

ئاوایی‌یەکاندا بە دەگمەن بەدی ئەکرێ بەلاّم لە ئەفریقیایی باشوور و ناوەندی زۆر بلاّوە و لە سەدا چل تووشی نێرینەکان ئەبێ و لە ولاّتی مۆزەنبیقدا ئەگاتە سەدا شەست و پێنج و ئەمەش لە رۆژئاوا خوارووەکەی بەلگاریایا زۆر بلاّوە .

٣ – شێر پەنجەی قورگ ، ئەتوانین بلّێین ئەمە شتێکی جیهانی‌یە بەلاّم زۆربەی ئەوانەی تووشی ئەم جۆرە نەخۆشی‌یە ئەبن لە ئەفریقیای خوارووی ئێران و کەناری دەریای قەزوینن لە سەدا پەنجای تووشبووەکان پێك دێنێ .

٤ – لە ولاّتی بەلجیکادا شێرپەنجەی سی تووشی زۆربەی دانیشتوانی پێنج شارە سەرەکی‌یەکانی ئەو ولاّتە ئەبێ .

لە (غلاسغۆ)و لە هەرێمی ( ئیکۆس )ی بەریتانی دا رادەی ئەوانەی کە لە نێرەکاندا ئەمرن بە هۆی شێرپەنجەی هەناسەدانەوەوە ئەگاتە هەشت و سێ لە سەد دا و هەروەها لە شاری (هاتلبول)یش کە بە پیشە سازی بە ناوبانگە . .

تووشبون بە شێرپەنجە پێوەندی‌یەکی زۆری بەرەگەزەوە هەیە ، ئوسترالیە سپی پێستەکان لەکەسانی تر زیاتر تووشی شێرپەنجەی پێست ئەبن ، دانیشتوانی خوارووی چین و سەرووی ئەعریقیا بە زۆری تووشی شێرپەنجەی لووت و قورگ ئەبن . . یونانی‌یەکان و ئێرلەندی‌یەکان بەرێژەیەکی زۆر بەرز تررشی شێرپەنجەی گەدە ئەبن . . ئەمە لە کاتێکدا کە ئێرلەندی‌یەکان بە هیچ شێوەیەك تووشی شێرپەنجەی (قۆلۆن) نابن ، ژنە ژاپۆنی‌یەکان و میسری‌یەکانیش تووشی شێرپەنجەی مەمك نابن و ئۆروپیەکانیش بە گشتی بە هیچ شێوەیەك تووشی شێرپەنجەی جەرگ نابن . .

لێرەدا هەندێ جیاوازی هەیە ، ئەو جیاوازی‌یە پێوەندی بە رەگەز و رادەی کۆمەلاّیەتی و ئابووری‌یەوە هەیە . . لە ئێران بۆ نموونە : لە سەدا یانزەی شێرپەنجەی مەمك لە ناو هەژارەکاندا ئەبینرێ و لە سەدا بیست‌و حەوت لە ناو کۆمەڵە دەولّەمەندەکاندا ، ئەمە لە کاتێکدا کە لە سەدا حەڤدەی شێرپەنجەی پێست لەناو ئێرانی‌یە دەولّەمەندەکاندا ئەبینرێ و لە سەدا سی و دوو لە ناوچەی هەژارەکاندا . . شێرپەنجەی واش هەیە کە ئەتوانین بە شێرپەنجەی پیشە ناوی ببەین .

ئەم جۆرە نەخۆشی‌یە تووشی ئەوانە ئەبێ کە لە هەندێ پیشەی تایبەتی‌دا کار ئەکەن وەك شێرپەنجەی خوێن کە تووشی ئەو کەسانە ئەبێ کە لە پیشەی وێنەگرتن بە هۆی‌تیشکەوە ئیش ئەکەن ، یەخود شێرپەنجەی قورگ کە توخی دارتاشەکان ئەبێ . . جگە لەمانەش



هەندێ شێوەی‌تری شێر پەنجە هەیە کە بە چۆنیەتی ژیانەوە بەستراوە وەك ئەوەی کە لە ولاتی فەرەنسە روو ئەدات و ژمارەی توشبووەکان بە هۆی بەردەوامی لە سەر مەی خواردنەوە و جگەرە کێشاندا تووشی شێرپەنجەی گەدە وسروشك ئەبن .

ئافرەت و شێرپەنجە :

لێکۆڵینەوەیەکی سەرژمێری کە لە ئەمریکا لەم دوایی‌یەدا بلاوبووەتەوە ئەوەی دەرخست کە ژمارەی ئەوا نەی تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون لەم بیست ساڵەی دوایی‌دا دووقات بووەتەوە . ئەم لیکۆڵینەو یە پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشا کە سەرەرای ئەوەی کە رێژەی چاك بوونەوەی تەواو لە هەندێ ئاو سانەوەی شێرپەنجەیی لە لای ئافرەتاندا گەیشتووەتە سەدا سەد ، ئەمە ئەگەر هات و زوو بە زوو دەست نیشان بکرێت ، بەلام لە هەمان کاتیشدا ژمارەی کریوو کانیش بە هۆی ئەم جۆرە شێرپەنجانەوە زۆر لە بەرزی دایە ، بۆیە ئامۆژگای نیشتمانی ئەمریکایی بۆ شێرپەنجە لە شاری واشونتۆندا ئەڵقەیەکی تایبەتی رێکخست بە مەبەستی دەست‌نیشان‌کردنی ئەو هۆیە سەرەکی‌یانەی کە رێگە بۆ تووشبوون بە یەکێك لە سێ جۆرە زۆر بەناوبانگەکەی شێر پەنجە لە نێوان ئافرەتاندا خۆش ئەکەن و ئەمانەش بریتین لە مانەی خوارەوە : شێرپەنجەی مناڵدان ، شێر پەنجەی سەری مناڵدان ، شێرپەنجەی پەردەی ناوەوەی مناڵدان ، شێرپەنجەی مەمك ، لە پاش کۆتایی ئەم ئەڵقەیە پرۆفیسۆر مۆفیە چەرفس کە سەرۆکی بەشی لۆیەکانی زاوزێ‌کردنە لە خەستەخانەی فیکری فەرەنساوی و لەم ئەڵقەیەدا بەشداری کردبوو ووتی : ئەو ئەنجامە سەرەکی‌یە کە لێکۆڵەرەکان پێ‌ی گەیشتن ئەوەیە کە پێویستە گرنگی‌یەکی زۆر بە دەست نیشان‌کردنی زوو بە زوو بدرێ ،جگە لەوەش ئەبێ ئەو هەوڵ و تەقەلایە بۆ ئەوە بێت کە لە کارتێکردنی هەندێ هۆ وەك تووتن ر تیشك و هەندێ ( فایرۆس ) و مەی و ماددەی ( ئەمبانت)و (فایرۆس)ی ئاوسانی جەرگ بکوڵرێتەوە چونکە و ك روون و ئاشکرا بوەتەوە ئەمانە رێگە بۆ تووش بوون بە شێرپەنجە خۆش ئەکەن سەرەرای ئەودەورەی کەهۆرمۆنەکان دەیبینن .

لە راستی‌دا لەوێ سێ ئەندام زاوزێ‌کردن هەیە کە هەر یەکێکیان ئامادەیە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە و بریتین لە مانە : سەری مناڵدان و پەرد ی مناڵدان و لۆوەکانی مەمك . . لیکۆڵینەوەکانیش بە شێوەیەکی گومان لێ‌نەکراو ئەوە یان دەرخست کە ئەو هۆیانەی شێرپەنجەی گەردەنی مناڵدان دروست ئەکەن جیاوازی‌یەکی زۆریان لە گەڵ ئەو هۆیانە هەیە کە ئەبن بە هۆی پەیدا کردنی شێرپەنجەی پەردەی مناڵدان و مەمك ، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە کە ئەو شێرپەنجەیەی لە گەردەنی مناڵدانا پەیدا ئەبێ هیچ جۆرە پێوەندی‌یەکی بە کارکردنی هۆرمۆنەیکانی زاوزێ کردنەوە نی‌یە ، ئەمە لە کاتێکدا ك شێرپەنجەی پەردەی مناڵدان و مەمك پێوەندیەکی زۆری بەم هۆرمۆنانەوە هەیە . هەروەها سێ لایەنی بتەرەتیش هەیە ئەو هۆیانە روون ئەکەنەوە کە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەردەنی مناڵدان پەیدا ئەکەن و ئەو هۆیانەش دیاری ئەکەن کە دەبنە مایەی بەرزبونەوەی رێژەی تووشبونی خەڵکی بەو نەخۆشی‌یە .

١ – ئەو ژنانەی کە زیاتر تووشی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە ئەبن ئەوانەن کە لە کاتێکی زۆر زوودا ژیانی رەسەنایەتی‌یان دەستی پێ کردووە و ئەندام زاوزێ کردنیان بۆ چەند جارێك تووشی نەخۆشی بووە و بە شێوەیەکی چاك چارە نەکراوە .

ئەوەی رەچاویش کراوە کە ئەم ئافرەتانە بە زۆری سەر بەو چینە کۆمەلایەتی‌یانەن کە دەست کورتن .

٢ – شێرپەنجەی گەردەنی مناڵدان بە شێوەي کی زۆر خاو پەرە ئەسێنێ و لە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ درور نی‌یە بگات بیست ساڵ پێش ئەوەی بە رادەی خەستەخانە بگات ، لە ناوەراستی ئەم ماوەیەدا ئەم شێرپەنجەیە لە سنوورێکی زۆر کەمدا ئەبێ ، واتە وای تیادا پەیدا بووە ، لێرەدا ئەتوانرێ – گەر هات و دۆزرایەوە – ئەو شانەیە لە گەردەنی مناڵدان دوور بخرێتەوە .

٣ – خۆ پاراستن لە شێرپەنجەی گەردەنی مناڵدان و هات وچوو کردنی خەستەخانە بە شێوەیەکی بەردەوامی دوو شتی پێکەوە بەستراون . . بۆیە بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشی‌یە چارەسەر بکرێ پێویستە ئەو دەرهاویشتنەی کە لە گەردەنی مناڵدانا وەدەردێت چاوی لێ بخشێنرێ و بە شێوەیەکی ورد و قووڵ تەماشا بکرێ دوور نی‌یە چاك بوونەوەیەکی لە سەدا سەت وەدەست بهێنین ، ئەمە لە کاتێکدا کە شێرپەنجەکە سنوور دار بێ . . . بەلام سەبارەت بە شێرپەنجەی پەردەی مناڵدان ئەوەی ئاشکرایە کە بەرپرسیاری‌یەکە بەرەو رووی هۆرمۆنی ئەلستۆجین ئەبێ . .

ئەوەش لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا وەدەر کەوت و بە تایبەتی لە لای ئەو ئافرەتانە کە تووشی رادەی نائومێدی بوون ، ئەوانەی کە بە ناچاری بە هۆی ئەستۆجینەوە چارەسەر ئەکرێن . . ئەو ئەستروجینەی کە هیلك دان دروستی ئەکات و ئەبێتە هۆی زۆرکردنی شانە لە مناڵداندا ، بەلام ئەم شانانە بە هوی هۆرمۆنێکی دژ بە (ئەستروجین) لە کاتە سروشتی‌یەکەی – خوێن‌دیتن – العادة

الشهرية)دا ئەفەوتێت ، ئەو هۆرمۆنە (بروجستوجین)ی پێ ئەوترێ ئافرەت کە (ئەستروجین)وەدەر ئەخا بێ ئەوەی بە هۆی (بروجستروجین) دوایی پێ بهێنێ ئەمە دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئاوسانێکی شێرپەنجەیی . . ئەوەش بینراوە کە مەترسی تووشبوون بەم نەخۆشی‌یە لە پێنج ساڵ یاخود دە ساڵی پێش گەیشتنی ئافرەت بە ساڵی نائومێدی زۆر زیاتر ئەبێ ، چونکە لەم قۆناغەدا هۆرمۆنەکان تووشی شێواوی و نارێکی و بێ‌هێمنی ئەبن ، هەر بۆیەش بە یەکێك لە قوناغەکانی مەترسی دا ئەنرێن . .

ئەو ماوەیەی کە شێرپەنجەی پەردەی منالّدان پێویستی‌یەتی بۆ پەرەسەندن زۆر لەو ماوەیە کەمترە کە شێرپەنجەی گەردەنی منالّدان پێویستی‌ی پی‌ی هەیە و ماوەکەش لە نیوان پێنج تا دە ساڵ دایە . .

بە پێچەوانەی شێرپەنجەی گەردەنی منالّدانەوە شێرپەنجەی پەردەی منالّدان زۆر لەوە گرانترە کە بە هۆی ئیفرازاتەوە بدۆزرێتەوە ، بەلاّم ب رامبەر بە مە خۆ دوورخستنەرە لەم نەخۆشی‌یە زۆر ئاسانە ، ئەوەش بە رێگەگرتن لە کەمبوونی ئیفرازی برۆجسترجینەوە ئەبێ ، ئەوەش تێبینی کراوە کە هەندێ دەرمانی دژ بە هەڵچوون و ئاوسان بەتایبەتی ئەوەی لەگەڵ ئەو دوو هۆرمۆنەدا رێئەکەوێ یاریدەدەرێکی باشە بۆ خۆ پاراستن لەم دەردە . .

ئەوەی پێوەندی بەم شێرپەنجەی مەمکەوەش هەیە ئەوەی سەلماند کە ئەسترۆجین رۆڵێکی هەرە بنەڕەت لە تووشبووندا ئەبینێ ، بەلاّم بە ڕادەیەکی کەمتر لە شێرپەنجەی پەردەی منالّداندا ، ئەم بیرورایەش لەدوو هۆوە هاتووە یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو قۆناغە شاراوەیەی کە ئەکەوێتە نێوان یەکەم تووشبوون بە هۆیە شێرپەنجەیی یەکە و دەرکەوتنی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا درێژترین ماوەیە سەبارەت بە و جۆرە شێرپەنجانەی کە تووشی جی‌یەکانی زاوزێ کردن ئەبن چونکە بیست یاخود بیست و پێنج ساڵ ئەخایێنن . . هوی دووەمیش لە بەشداری کردانی رەگەزە زگماکی‌یەکەیە کە بە رێگەی نارێکی و شێواوی کرۆمۆذۆمەکانەوە دێت ، ئەمەش لە ناو ئەو ئافرەتانەدا دەرئەکەوێ کە دایکەکانیان یاخود نەنکەکانیان تووشی شێرپەنجەی مەمك بوونە . .

سەرەرای ئەمەش ئەتوانین بڵێین کە هۆرمۆنێکی سی‌یەمیش لە مەمکدا هەیە (بروکتین)ی پێ ئەوترێ و لەگەڵ ئەستروجین و برۆجسترۆجین دا رۆڵێکی بنەڕەتی لە مەسەلەی شیرداندا ئەبینێ و وەك روون بووەتەوە ئەبێتە هۆی تووشبونی مشلك بەلاّم لای ئافرەتاندا ئاوا نی‌یە بە مەرجێك گونجانێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم و ئەو برۆجسترۆجینەی کە هێلکەدان وەدەری ئەخاتەوە هەبێ . .

هەروەها سلك‌پڕ بوون بۆ یەکەم جار گەر هات و لە کاتێکی زۆر زووا سەبارەت بە ڕادەی پێگەیشتنی ئافرەتەکەوە بوو دوور نی‌یە ببێتە هۆی دوور خستنی ئەو ئافرەتە لە شێرپەنجەی مەمك چونکە ئەبێتە هۆی یارمەتی دانی لووەکانی مەمك بۆ رێکخستنی ئیش و کارەکانی .

جگە لەو هۆیانەی کە لە پێشەوە باسمان کردن هەندێ هۆی‌کە هەن پێوەندی‌یەکی زۆریان بە دەور و بەرەوە هەیە چونکە دوور نی‌یە ببێتە هۆی لە کارخستنی هەندێ لە ئیش و کارەکانی هیلکەدان هۆرمۆنەکان و ئەم مەسەلەیە لە شارە پیشە سازی‌ی رۆژ ئاوایەکان و دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا هەستی پێ کراوە چونکە ئەوەی بینراوە کە ئاژاوەی دەروونی ئەبێتە هۆی شلەژانی هۆرمۆن لە مەمکدا .

لەو کۆنگرە دوایی‌یەی کە ئامۆژگای نیشتمانی بۆ لیکۆڵینەوەی شێرپەنجە لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسترا و لێکۆڵینەوەیەکی زوری دەربارەی کارتێکردنی ئەسترۆجین لە لووەکانی مەمکدا تیادە پێشکەش‌کرا و ئەندامانی کۆنگرە بە گشتی لە سەر ئەوە یەکیان گرتەوە کە ناویان لێ‌نا ( پ نجەرەی مەترسی ئەسترۆجین) کە ئەکەوێتە بەینی سەرەتای پێگەیشتنی مەمك و یەکەم سلك‌پڕبوون چونکە ئەم قۆناغە تووشی ئیفرازێکی یەکجار گەورە لە ئەسترۆجین ئەبێ . ئەوەی لێرەدا جی‌ی سەرنج راکێشانە ئەوەیە کە ئەم ماو یە بە هۆی زوو پێگەییختنی کچەکانەوە رەنگە ببێتە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ ، ئەمەش لە ئەنجامی دواکەوتنی سلك‌پڕبوون یەکەم لە کۆمەڵگا تازەکاندا . . هەروەها ئەندامانی کۆنگرە ئەوەیان بڕیاردا کە نابێ بۆ مەسەلەی چارەکردنی هۆرمۆنەکە لە پێش سلك‌پڕبوونی یەکەم بۆ ئەو رێگایانە پەنابرێت کە لە زانیاری دادوورن و هەروەها هەندێ دەرمانی دژ بە ئاووس‌بوونیشیان قەدەغە کرد بە تایبەتی ئەوانەی کە رادەی ئەسترۆجینی یان زۆر زۆرە .

**دەم و قورگ :-**

پزیشکەکانی شێرپەنجە ، وە ئەسەلمێنل کە ئەگەر بێتو و بتوانین بە سەر ئەلکۆڵ و جگەرەکێشاندا زاڵ‌بین رەنگە مەسەلەی تووشبوون بەم نەخۆشی‌یە واتە شێرپەنجەی دەم و قورگ بە لیوە بگەیێنین ، ئەمەش بڕیاری ئەو کۆنگرەیەیە کە بۆ کۆڵینەوە لە شێرپەنجەی دەم و قورگ لە شاری پاریجدا بەسترا ، ئەو کۆنگرەیەش بە سەرۆکایەتی ئیف کاشین بوو . . ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەیان تێبینی کرد کە ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی دەم و قورگ بوون چواریەکی تووشبووەکانی شێرپەنجە لە فەرەنسە ئەنوێنن ، ئەوەی لێرەدا زۆر

-خۆشیشه ئەوەیە کە چارەکردنی ئەم سێ شێوەیە زۆر سەخت و گرانە ، جگە لە وەی کە زۆربەی ئەو نەخۆشانە هەتا دوایی لەگەڵ چارەکردنەکەدا نارۆن لە ترسی ئەوەی نەوەك تووشی هەندێ شڵژاوی و ئاڵۆزی ببن یاخود وەك تاقە چارەکردنێك و بۆ ئەوەی نەخۆشی‌یەکە بلاو نەبێتەوە ناچار بن بۆ لە ناوبردنی قورگیان و ئەنجامیش مردنی نەخۆشەکە ئەبێ . .

بۆ چارەسەرکردنی ئەم تۆرە شێرپەنجانە پێشکەوتنێکی باش هەیە بەلاّم زۆر لەسەر خۆیە . . سەبارەت بە برین سازی‌یەوە پێشکەوتنێکی دیار و ئاشکرا لە چاکردنی برین‌سازی و کاشتنی ئەندام و شانەی جێگر لە جیاتی ئەوانەی کەزیانیان بەر ك وتوەو بە ناچاری یەرهێنراون . . ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە چارەکردن بە رێگەی تیشکەوە پەرەسەندن و پێشکەوتنەکەی دیارترە چونکە توانراوە هەندێ ئامێر و رێباز پەیدا بکرێ را لەو ئەندامە تووشبووانە بکات جۆرە هەستێك لە ژێر تیشکدا پیشان بدات و پاشان بۆ بەهێز و بتەو کردنی رۆڵی تیشك . . لە هەمان کاتیشدا ئەم هۆیە تازانە ئەتوانن ئەندامە ساغەکان لە مەترسی بپارێزن ، ئەمەش ماوەی چارەکردنەکە کورت ئەکاتەوە جونکە لە تواناادا ئەبێ هەر رۆژێك زیاتر لە تەنیا دانشتینێك بکرێت و لە دوایی‌دا ماوەی چارەکردنەکە لە حەوت حەفتە بۆ سێ حەفتە کورت ئەکرێتەوە .·

بەلاّم ئەوەی کارگێری یاریدەدەری یەکەمە بۆ چارە کردن وەك برۆفیسۆر ئیف کاشین ئەڵێ بریتی یە لە دوورکەوتنەوە لە ئەلکوڵ و تووتن و لەم بوارەدا ئەڵێ : تووشبوون بە شێرپەنجەی دەم پانزە جار زیاتر ئەبێ لە مەیانی بەکار هێنانی نیو لیتر ئەلکوڵ و پێنج جگەرە لە رۆژێکدا ر سێ لیتر ئەلکوڵ و چوار پاکەت جگەرە . .

**چارەکردنەکانی ئەم سەردەمە :**

کەواتە چی هەیە دەربارەی ئەو رێگەیانەی کە ئیستاکە بۆ چارەکردنی شێرپەنجە بەکار دێن ؟ !

لێرەدا هەندێ هۆی جیا جیا هەیە و بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەم هۆیانە ئەبێ بۆ شێوە و جۆری ئەو شێرپەنجەیە و پلەی بلاّوبوونی بگەرێین .

ئەگەر هات و شێر پەنجەکە تەشەنەی نەکردبوو و لەیەك‌شوێندا بوو ئەتوانین بە رێگەی برین سازی‌یەوە چارەی بکەین و شوێنە تووشبووەکە دوور بخەینەوە ، هەروەها رێگەیەکی‌کەش هەیە کە بۆ ئەم جۆرە نەخۆشی‌یە بەکار ئەهێنرێ ئەوەش بەرێگەی تیشکی ئەیۆنی‌یەوە ئەبێ ، کە لە توانای‌دا هەیە ئەو شانە تووشبووانە لەناو ببات و بیان‌فەوتێنێ . . زۆر جاریش ئەم دوو رێبازە پێکەوە بەکار ئەهێنرێن ، تیشکەکە ئاوسانە شێرپەنجەیەکان کورت ئەکاتەوە و گەمارویان ئەدات و بەم شێوەیە رێگە بۆ برین‌سازی خوش ئەکاتەوە . .

بەلاّك تیشکیش مەترسی‌یەکی لەسەر ئەندامە ساغەکانیش هەیە ، دووریش نی‌یە کە تیشك بە شێوەیەکی دەرەوەش بەکار بهێنرێ وەك تیشکی کۆباڵت یاخود لە ناوەوەی لەشی نەخۆشدا ئەوەش بە رێگەی سەرچاوەکانی تیشکەوە ئەبێ – بووری یاخود شریت – ئەمە تیشکی کۆری‌ی پێ ئەوترێ چونکە بە ناوی مەدام کۆری‌یەوە ناو براوە ، ئەو ئافرەتەی کە توانی مەسەلەی بەکار هێنانی تیشکی رادیۆم بو شوێنێکی تایبەت بدۆزێتەوە . بەلاّم گەر هات و ئەو شێرپەنجەیە زۆر بلاّوبووبووەوە بۆ ئەمە دوو رێگەی سەرەکی هەیە : چارەکردن بە رێگەی دەرمانی کیمیاوی‌یەوەو چارەکردن بەرێگەی هۆرمۆن لە کاتێکدا ئەو شێرپەنجەیە بە هۆی هۆرمۆنەوە پەیدا بوو بێ . .پەنجا جۆرە دەرمانیش هەیە ، هەندێکیان بە رێگەی دەمەوە بەکار دێن و هەندێکی تریشیان بە رێگەی شرینقەوە . بەلاّم ئەم دەرمانانە دوور نی‌یە بۆ شانە ساغەکان زەرەریان هەبێت و بە تایبەتی ئەو شانانەی کە بە رێگەی‌خرۆکە سپی‌یەکانەوە پەیدا ئەبن . . لێرەدا پێویستە پاش بەکار هێنانی دەرمانەکە خوێنەکە تەماشا بکرێت . .

لە حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجە هۆرمۆنی‌یەکان پێویستە ئەو شێرپەنجەکە بنبڕ بکرێ و ئەوەش بە رێگەی بەکار هێنانی هۆرمۆنێك ئەبێ کە دژ بە هۆرمۆنە یەکەمەکە یاخود بە رێگەی دەرهێنانی ئەو لووە ، ئەبێ کە بووەتە هۆی پەیدا کردنی شێرپەنجەکە . . سەبارەت بە ئەترۆفیۆنیش لێکۆڵینەوەکان هیچ جۆرە ئەنجامێکی وردیان دەربارەیی و کاریان نەداوە بەدەستەوە ئەمە لە کاتێکدا کە لەمەیانی تاقی‌کردنەوەی بەسەر مشکدا سەرکەوتنێکی باشی ئەنجام‌داوە ، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەتوانێ شێرپەنجەی ئادەمیزاێ چارە بکات . .

لەم دوایی‌یەش لە شاری (تۆلۆز)ی فەرەنسی دا ماددەیەکی نوێ خرایە مەیانی تاقی‌کردنەوەوە ئەو ماددەیە (سواز)ی پێ ئەوترێ و لە کبریت‌و ئازۆت و فۆسفۆر و کاربۆن پێك دێت ، ئەوەی روون بووەتەوە ئەوەیە کە ئەم کاددەیە توانای چارەکردنی سیانزە شێوە شێرپەنجەی کە لەلای مشکدا هەیە چارەبکاث بەلاّم هەتا رۆژی ئەمرۆ بەسەر مرۆڤ واتە ئادەمیزاد تاقی نەکراوەتەوە .